ئەوەی کە دوژمنانی کورد و ئازادی کوردستان بەرهەڵستکاری زانست و پێش کەوتنی پیشەسازی دەکەن راستێکی حاشا هەڵنەگرە. بەڵام ئایا هەمووهۆکان بۆ لەمپەردانانی دووژمنانی کوردو ئازادی کوردستان دەگەرێتەوە، یان بۆ خۆشمان لە سستی و نەبوونی گەشەی زانستی و پیشەسازی دا بەرپرسیارین؟

پێش ئەوەی بێمە سەر ناوەرۆکی باسەکەم، بەپێویستی دەزانم کەهەندێ سەرنج بدەمە سەر مێژووی زانستی لە کۆمەڵگای ئیسلامی و کۆمەڵگای ئوروپا بەگشتی و کۆمەڵگای رۆژئاوای ئوروپا بەتایبەتی، کە دیارە کۆمەڵگای ئیسلامی کوردستانی ئێمەش دەگرێتە خۆی. زانایانی ئیسلامی سەردەمانێك بوو پێشەنگی زانستی جیهانیان دەکرد. هەرچەندە ئەم پێشەنگیە بۆ نزیك لە هەزار ساڵ لە مەوبەر دەگەرێتەوەو چەند سەدەێك زیاتری نە خایاند، بەڵام ئەوە راستێکی حاشا هەڵنەگرە، کە زانست لە جیهانی ئسلام لەو سەردەمانەدا لە پلەی یەکەم دابوو، لەو قۆناغەیا کە بە سەدەکانی ناوەڕاست یان قرون وستا ناو ئەبرێت. لە دنیای رۆژئاوا، کلیسا بەهۆی زاڵ بوون بەسەر هەموو بارەکانی ژیان، دەرفەتی بە بوژانەوە نەدەدا، و بەر هەڵستکاری هەر چەشنە توێژینەوە و لێکۆڵینەوێکی زانستی بوو. بوونی وەها زاڵ بوونێك لەلایەن پیاوانی دەسە لاّتداری کلیسا بەناوی ئاینی مەسیحیت، سەپاندنی دیکتاتۆریی کلیسا لێ خولقاو، بووە خۆی ئەوەی کە کۆمەڵگای ئوروپا لە لایەن کلیساوە بۆ ماوەی چەندین سەدە لە دواکەوتوویی و دا بمێنێتەوە. ئەو دیاردە دزێوەی دەسەڵاتدارانی کلیسا دژ بە زانست بووە دووری خەڵك لێ یان، و بەتایبەت دەیانزانی ناودارو نەناسراو خرانە ژێر ئەزیەت و ئازاری پیاوانی دەسەڵاتداری کلیساوە، کە یەك لەو نمونانە "گالیلە گالیلیویە" بوو، کە بە دەستی پیاوانی کلیسا تیا چوو. لەو قۆناغە دا زانستخوازان و زانایان دەکوژران و دەسوتێنران و تەنگ و چەڵەمەیان بەناوی دژایەتی بە مەسیحیەت بۆ سازدەکردن، کە کارایی زۆری لە دواکەوتوویی مرۆڤایەتی و نەبوونی پێشکەوتن و گەشەی زانستی هەبوو. ئاکامی ئەوە دووری خەڵك لەو دینە ئاشتیخوازە دوور لەستەمە بو کە بەباوەری عیسی مەسیح نابێت لەهیچ شەرایتێك ئازاری هاوچەشنەکان بدەیت، بەڵام بە پێچەوانەی یاساکانی ئایینی مەسیحیەت لەگەڵ مرۆڤانی جیاواز ئەندیش، هەڵسووکەوت دەکرا. ژنانی زانست خواز و ماف خوازیش لەم ستەمەی کلیسا دەیان نالاّند و ئەوانیش بەناوی جادوگەر و هێکس دەسوتێنران و هیچ دەرفەتێکی شیاوی ژیان بە ژنان و گشت ئازادیخوازان نەدەدرا. ئەمانە و زۆر دیاردەی تر وەك دەست تێکەڵ کردنی کلیسا و ئاریستوکراتەکان، واتە ئاغا و دەربەگەکان بۆ سەرکوتی چینی هەژار،بوونە هۆ کە ئەو قۆناغەی کە بە رێنسانس واتە لەدایك بوونەوە یان نوێ بوونەوە ناو دەبردرێت، بێتە ئاراوە. دیارە ئەوەش باسێکی تایبەتی دەوێت، کە روون بکرێتە وە.

ئەگەر ئێمەسەرنج بدەینە ئەو رەوتانە کە بوونە هۆی پێشکەوتنی لایەنە جیاوازەکانی ژیان، بەتایبەت باری زانستی و پیشەسازی لەئورووپا،

# زانست و پیشەسازی لە کۆمەڵگای کوردەواری و لە کوردستان گەیشتۆتە کوێ؟

ب ـ توانا



دەتوانرێت لە لایێك پێداویستی کۆمەڵگا بۆ بەرهەم هێنان و پێداویستی ژیان هاندەر و بە یەکێك لەفاکتەرە سەرکیەکان بزانرێت، بۆ ئاڵوگۆرەکان، لەلایێك دژمنکاری پیاوانی کلیسا دژبە زانست و علیم و ئارەزومەندی ئیلیتی زانستخواز بۆ تامەزرۆبوونیان بۆ دۆزینەوەی راستیەکانی بوونەوەر فاکتەرێ دیکەیە. دیارە نابێت لە هیچ هەل و مەرجێك ئەوەش لەبیر بکرێت کە هەر نەتەوە و کۆمەڵگایێك چینێکی پێشەنگی بووە کە بەزانستی خۆیان توانیویانە ئاسودەیی بۆ شوێنی ژیانی خۆیان و مرۆڤەکانی دەوروبەریان بهێننە ئاراوە. مەبەست لەسەدان مرۆڤی زانا لەباری پزشکی، فیزیك، شیمی، پیشەسازی، ئەلکترۆنیك، تلەکومونیکاسیون و سەدان و هەزاران لایەنی دیکەی زانستی، بوونەتە هۆی پێش کەوتن و ئیفتخار و شانازیی بۆ میللەتەکانیان.

یەکێك لەپرسیارەکان ئەوەیە چۆنە ئێمە لەکۆمەڵگای کوردستان دا تا ئێستا یەك تاکە کەسیش نەی توانیوە بگاتە ئەو رادە، بۆ دەبێ ئێمە ئەنشتانێك، ئەدیسون، کانتێك، یان زانایێکی گەورەی پزشکی و هتد...مان نەبێت، کە خوڵقێنەری شتێك بێت کە لە کۆمەڵگای نێونەتەوەییدا ناسراو بێت و خەڵاتی بۆ ئەو کارەی وەرگرتبێت؟

کۆمەڵگای ئسلامی یەك لە پێنجی دانیشتوانی جیهان پێك دەهێنن یەك لە پێنجی مرۆڤە کانی جیهان موسڵمانە، بەڵام وڵاتانی ئیسلامی لایەنی زانستیان زۆر لە دوایە هەروەك لە سەرەوە گوتمان لە سەدەکانی نۆهەم تا سیازدە هەم گۆمەڵگای ئیسلامی پێشەنگ بووە لە زانست و پێشکەوتن، واتە ئەم سەدانە بەکاتی پێشکەوتنی کۆمەڵگای ئیسلامی دەکرێ ناوبنرێت. بەڵام ئەم ڕەوتە بەداخەوە کەوتە دوا، ئەمەش بەهۆی کەسانی دواکەوتوو و بنەڕەتی خواز، نەوەستان لە گەشە و پێش کەوتن کەوت، کەتائەمرۆش کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکانی ئیسلامی بەگشتی پێوەی ئەنالێنن.

بێ مانا بوونی زانست و تەنانەت دژایەتی زانست لەلایەن هەندێ لەپیاوانی ئایینی ئیسلام، بووە هۆی دواکەوتوویی کۆمەڵگای ئیسلامی و زۆرجار تەنانەت لەکوردستان هەندێ بەناو پێشرەویی ئایینی ئیسلام دەیانووت منداڵەکانتان مەنێرنە مەدرسە تا فێری دەرسی شەیتانی نەبن. دیارە سەدەی چواردەی میلادی دەکرێ سەرتایی دوورکەوتنەوە لەزانست و گەشە لەکۆمەڵگای ئیسلامیدا بێت. ئەو کاتیش لەو چەشنە بۆچوونانە و پاوان خوازی و حوشگوزەرانی هێندێك لەدەسەڵاتدارانی جیهانی ئیسلام هەبوون کە بە بەشێك لەهۆکانی ئەو دواکەوتوویانە دەزانرێت.

لەکۆبوونەوەی وڵاتانی ئیسلامی، کونفرانسی وڵاتانی ئیسلامی کە تێیدا ٥٧ وڵاتی ئیسلامی تێدا بەشدارن، بە پێ ستاتیسکی ورێژە ناسی بانکی جیهانی و یونسکۆ، ئەو هەژمارە دەسەلمێنن کە ٢٠ لە ٥٧ وڵاتانانە لەساڵی ١٩٩٦ تا ٢٠٠٣ تەنیا ٠،٣٤٪ لەسەدی داهاتی ئابووریان تەرخان کردووە بۆ توێژینەوە و بواری زانستی، بەڵام رادەی مام ناوەندی ئەو رێژەییە ٢،٣٦٪ ساڵانەیە.

تەنیا لەساڵی ٢٠٠٣ لەئەمریکا ١٠٠٠٠٠ بڵاوکراوەی زانستی جوراوجۆر هەر لەکتێب و گۆڤار و رۆژنامە هاتۆتە بەرهەم نزیك بە ٧٠٠٠٠ لەوەڵاتی ئوروپای یەکگرتوو و ١٥٠٠٠ لەژاپن. بەڵام تەنیا ٣١٢ زانکۆ لەو ١٨٠٠ زانکۆیانەی وەڵاتانی ئیسلامی بڵاڤۆکی زانستیان لەرێژەی کەم دا هەیە. ئەو ژمارەیەش ٢٦ی لەتورکیا دایە و ٩ی لە ئێراندایە.

ئەوەی کە تا ئێستا زانراوە لەوەڵاتانی ئیسلامی تەنیا ٢ کەس خەڵاتی نۆبێلی بۆ زانست وەرگرتووە، یەکەمیان عبدوالسلام لە پاکستان کە ساڵی ١٩٧٩ لە بارەی فیزیك خەڵاتی وەرگرت و دووهەمیش احمد سوایل ساڵی ١٩٩٩ لەوەڵاتی میسر خەڵاتی نۆبێل بۆ شیمی وەرگرت.

دیارە ئەو دیاردە لە ئێران و تورکیە لەئاڵوگۆر دایە و ئەمەش دەکرێ بەشێوەیێك جێ نیگەرانی و بە شێوەێکیش جێ دڵخۆشی بێت و هەندێ وەڵاتی ئیسلامی وەك مالێزی و ئەندۆنزی لەباری زانستی لەگەشەی بەرچاو دان. بۆ وێنە تورکیە لەو دە ساڵەی دوایی دا هەندێ بڵاوکراوەی زانستی خستۆتە ژێر چاپ و هەروەها لایەنی راهێنانی زانستی لە قوتابخانە و زانکۆکانیان لەگەشە دایە. لەپاکستان لەساڵی ٢٠٠٤ نزیك بە ٤٠٠٠٠٠ قوتابی زانکۆیان هەبوو و لە ئێران لە ٢٠٠٦ بەو لاوە خوێندکارانی زانستی باڵا لەزانکۆکان و خوێندنی باڵا بە ٢ میلیون مەزندە دەکرێ.

هەروەها رێژەی خوێندنی کچان و ژنان لە هەندێ وەڵاتی ئیسلامی زۆر بەرچاوە، بۆ نمونە لەسودان و پاکستان ٥٠٪ خوێندکاران پێك دەهێنن و تەنانەت لەئێران ٧٠٪ خوێندکارانی زانستی ئافرەتانن. لەمیسر رێژەی ئافرەتان لە زانکۆکان ٣٧٪ و لەکویت ٦٧٪ و لە سعودی ٢٧٪، بەڵام دوای تەواو کردنی زانکۆ لەلایەن کچان و ژنان، زۆر بە کەمی دەرفەتی کاریان لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە بۆ دەرەخسێ.

بەڵام پرسیاری دووهەم ئەوەیە سەرەرای پەروردە و راهێنانی لەرادە گونجاویی ئەو وەڵاتە بۆ وەدی هێنانی بەرهەمی زانستی لەبوارە جیاجیاکاندا بۆ هێندە کەمە؟

لێرەدا باوەر لەسەر ئەوەیە کە لە وەڵاتانی ئیسلامی زانست و بناغە بۆ باش ژیان چاو لێناکرێت و هەروەها لەوەڵاتانی دەوڵەمەندی خاوەن نەوت و کەرستەی خاو شێوەیێك لەپاسیڤ و مونفعیل بونی خوڵقاندووە. هەر ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی لەجیات ئەوەی هەلومەرجێك بۆ بەرهەم هێنان برەخسێنن، دێن بەرهەمەکانیان لەوەڵاتانی دیکە دەکرن. زۆر لەو وەڵاتانە گرنگی نادەن بە پیشەسازی و بەرهەم هێنان و زۆر لایەنی دیکەی زانستی.

رژێمی ویلایەتی فقیە دەیهەوێت ئەو رەوتە بگۆرێت و دیارە هەر لەکۆنەوە لەو وەڵاتە زەمینە بەرهەمی ئاسن، مس و پلاستیك و زۆر بەروبوومی دیکە کە لەکەرەستەی خاوەوە دەکرێت بە بەروبوومی پلەی دووهەم، لەئارادایە. بەڵام لەم ساڵانەی دوایی دا ئەو رژێمە لەهەوڵی بەرهەم هێنانی زۆری چەك و چوڵ و زۆر لایەنی دیکە دایە کە ئەمەش بۆ ئێمە وەك گەلی کورد زۆر سەرنج راکێش و باڵ کێشە. لەراستی دا ئێران و تورکیە بە بوونی سەدان ناوەندی پیشەسازی گەورە و بچوك زۆر لەئێمەی کورد لەپێشن، سەرەرای ئەوەش لەبەراوەردا ئەوانیش لەگەڵ وەڵاتانی پێشکەوتووی جیهان لەدواوەن. بەڵام ئەگەر ئێران ئاوا لەو رەوتە بەردەوام بێت و بە وەدەست هێنانی چەکی ئەتۆمی و زۆر لایەنی دیکەی پیشەسازی سەربازی مەترسێکی گەورە دەبێت بۆ ئێمەی کورد، لەئێستا و لەداهاتوودا. جا ئەگەر ئەو حکوومەتە لەسەر کار بێت یان هەر حکوومەتێکی دیکە کە پێشێلکاری مافەکانی گەلی کورد بکات، مەسەلە هەر یەکە، بەڵام رژێمی ئێستای ئێران بەهۆی بەرچاو تەنگی مەزهەبی، لەو گەشە پیشەسازییانەی زیان ب هەموو جیهان و کورد بە تایبەت دەگەێنێت. هەوڵەکانی ئێستای رژێمی ئێرانم وەك خۆتەیار کردنی رژێمی نازی ئاڵمان بۆ شەری گەورەی دووهەمی جیهانی دێتە بەرچاو، هەر چەندە ئەو رژێمە هەرگیز ناگاتە ئەو رادە لەدەسەلات، بەڵام پیشەسازی لەبواری چەکسازی بەگشتی و چەکی ئەتۆمی سەلمێنەری ئەو راستیەن کە ئێمەی کورد دەبێت خۆمان بۆ هەر چەشنە پێشکەوتنێکی زانستی ئامادە بکەین.

رژێمی ئێران و تورکیە توانیویانە لەرادەیێکی ١٠٠٪ ئابووری و پیشەسازی باشوری کوردستان بەناردنی بەرهەم و بەروبوومی جوراوجور کپ بکەن و وابەستەی بکەن بە خۆیان کە ئەوەش بۆتە هۆی ئەوە کە لەهەر حالەتێك دا بیانهەوێت فشار بخەنە سەر ئەو بەشەی کوردستان.

لێرەدا پێویستە خوێندکارانی کوردستان و زانایانی کورد لەبواری جۆراوجۆر لەهەوڵی ئەوە دابن کە لەلایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستان پشتیوانی بکرێن و ناوەندی پیشەسازی دروست بکەن.

بەباوەری من دەکرێ لەباشووری کوردستان ئەو ناوەندە پیشەسازیانە لە ئەولەویەتی کارەکانیان دابێت.

١. هەندێ جیولوجی کورد و بیانی سارمەتی وەرگرێت بۆ دۆزینەوەی کانگاکانی ئاسن و مس و زێر و ئاسنەواڵە بەگشتی.

٢. دوای سەرکەوتن لەپلەی یەکەم، دەبێ ناوەند و فابرێکی تواندنەوەی ئاسن دابمەزرێندرێت.

٣. بەروبوومی نەوتی سەرمایەی میللەتی کوردە و تەنیا مافی میللەتی کورد و حکومەتی هەڵبژێردراویی دیموکراتیکی خۆیەتی، کە ئەو سامانە و گشت سامانەکانی دیکە بەرێوەبەرێت، پێویستە لەهەر چەشنە خسوسی کردنی ئەو سامانانە بە توندی دژایەتی بکرێت. لێرەدا تەوەرێکی دیکەی باسەکەم ئەوەیە کە لەنەوتی خاو بەروبوومی جۆراوجۆر دروست بکرێت، وەك پلاستیك و هەمووی ئەو بەروبوومانە لەدنیای پێش کەوتوو لەنەوتی خاو بەرهەم دێت.

٤. سروشتی کوردستان و بەرهەمی دار زۆر پێویستە، باشتر وایە بەدروست کردنی بەربەست، ئاوی کوردستان بە فیرۆ نەروات و لەهەوڵی ئەوەدابین بواری کشت و کاڵ و دارستان لە گەشە دابێت. کە ئەو لایەنە هەم بۆ کەم کردنی رێژەی گەرما یارمەتیدەرە، هەم بۆ ژینگە و هەم بۆ پێداویستی شارومەندان بۆ خواردەمەنی و هەمیش بەرهەمهێنانی کەرستەی وەك لۆکە، دار بۆ دروست کردنی کاغەز. لایەنێکی دیکەی ئەوەیە کە بۆ جوانی بەخشینی زیاتر و سەرسەوزی کوردستانە کە تەنانەت کارێك بکرێت بە چاندنی داری جۆراوجۆر چوار وەرزە کەش و کێوەکانی نیشتمانیان سەرسەوز راگرین.

لێرەدا دەمهەوێت بە شێوەیێك سەرنج بدەمە ئەوەی کە ئێمە بەراستی دەبێت خۆمان ماندوو بکەین بۆ ئەوەی لە پلەی یەکەم دا بێینە رادەی ئەو وەڵاتانەی داگیرکەری کوردستانن، هەرچەند بە باوەری من لەباشووری کوردستان، ئەگەر بەرپرسانی حکوومەتی و حیزبی، پلان و بەرنامەیان هەبێت، ئەو پێداویستیانە دەکرێت بە کردار دابمەزرێنرێت. بەرپرسانی حکوومەت لەباشوری کوردستان لەجیاتی خۆماندوو کردنیان بە ئەرکی کەم رەنگ پێویستە لەهەوڵی ئەو جۆرە ئەرك و کارانە دابن. لەپلەی دووهەمی کارەکان و هاوکات لەگەڵ پلەی یەکەم، ئێمە پێویستە چاو لە وەڵاتانی پێشکەوتووی جیهان بکەین و لەگەڵ ئەو نەوەسانەدا کە لەسەدەی ١٤ لەکۆمەڵگای ئیسلامی دا دەستی پێکرد، نەبین و با هەوڵ بدەین پێش هەر شت لە پێشەسازی کردنی باشووری کوردستان تەواوی هەوڵەکانمان بخەینەگەر. ئەو کارانەیە کە دەبێتە سەقامگیری ئابووری و رەخساندنی هەلومەرجی کار بۆ شارومەندان. بە داخەوە تەنانەت جادە و خانووەکانیشبە ئێرانی و تورکەکان دروست دەکرێت، هەر چەند بەشێك لەو کارانە بەدەست کوردەکانی پارچەکانی دیکەوە بەرێوە دەچێ، بەڵام بۆ ئەوانیش زیاتر رەنج دەمێنێتەوە و قازانجی سەرەکی رژێمی تورکییە و ئێران و هەندێ هەلپەرەست و نیشتمان فرۆشی کورد دەیکەن. نازانم بۆ دەبێت ئەوەندە بێ دەسەڵات و کەم تەرخەم و لاواز بێت، لەکاری جادە و پرد و ماڵ دروستکردنیش دا سەربەخۆ نەبێت، یان لانی کەم هەوڵ بۆ سەربەخۆبوون لەو بوارە دا نەدات. با هەوڵ بدرێت پسپۆرانی کورد دڵخۆش بکرێن بە هاتنەوەیان بۆ کوردستان و لاوانی لێهاتوو بنێردرێنە دەرەوەی وەڵات تا لەزانکۆ پێش کەوتووەکانی جیهان فێری خوێندنی باڵای زانستی بن و بە تەواو بوونی دەر و خوێندنیان، ئەوانیش بەباوەرەوە لە بەزانستی کردنی کوردستان، خۆیان ماندوو بکەن.

ئێمە تەنانەت دەبێ کارێك بکەین بە روحێکی پاك و بێگەردی نیشتمانی ئەوە بکەینە گەورەترین ئامانجی باشووری کوردستان. دیارە بەباوەری من لەبەشەکانی دیکەی کوردستانیش هاوکات لەگەڵ خەباتی سیاسی، نەتەوەیی و کولتووری بەشێکی بەرچاو لەهەوڵەکان دەبێت، سازدانی بواری ئابووری و بەپیشەسازی کردنی ئەو بەشانەی کوردستان بێت. پێویستە فشار بخرێتە سەر حکومەتە داگیرکەرەکان کە لانی کەم، بە هەوڵ و ووشیاری جەماوەری گەلی کورد لەو بەشانە، بەشێك لە دژمنکارییەکانی داگیرکەران بەسەریان دا زاڵ بین و بتوانین ئابوری و بەزانستی کردنی زیاتری ئەو پارچانەی دیکەش، بەئاکام بگەێنین. پێشکەوتنی راستەقینەی زانستی لەباشووری کوردستانیش لەوەدایە کە کەڵك لەلایەنی زانستی و پیشەسازی وەڵاتانی پێشکەوتووی جیهان وەرگرێت، ئەوەش دەبێتە بناغەیێکی پتەو و رەوتێکی درێژخایەن لەگەشەی هەمەلایەنەمان لەو بەشەی کوردستان کە هەلومەرجەکەی لەبارترە. کۆپی لەوەڵاتانی پێشکەوتووی جیهان بکەین، نەك لەکۆپی ناتەواویی وەڵاتانی داگیرکەری کوردستان کەڵك وەرگرین و با لەوەڵاتانی پێشکەوتووی جیهان ئەزموون وەرگرین، هەروەك ژاپۆن لە وەڵاتانی ئورووپایی کۆپی گشت لایەنێکی زانستی کەڵکی وەرگرت و زۆر جاریش کۆپیەکە لەئەسڵەکەی باشتر دەرچووە.